# " کۆمەڵە گوندێک " و " سەنگەسەر " دۆزرانەوە!

بەوپەڕی شادمانیەوە مزگێنیتان دەدەمێ، کە برا و هاوڕێی خۆشەویستم سەعید زەکی (پیران) نەوارێکی بەدەنگی شاعیری گیانبەختکردوو مامۆستا سالار (عەلی قوتبی) لە ڕێگەی خزمانی ناوچەی پشدەرەوە بەدەسهێناوەتەوە، و بە فایل بۆی ناردووم. ئەو شریتە، دوو هۆنراوەی مامۆستا سالاری تێدایە بە ناوەکانی

" کۆمەڵە گوندێ " و " سەنگەسەر " ، کە من ماوەیەک لەمەوپێش دەقی شیعری دووەمیانم لە ڕێگەی سایتە کوردیەکانەوە بڵاو کردەوە. ماوەیەک لەمەوبەر " کۆمەڵە گوندێ " کم نووسیبووەوە و ئامادەی بڵاوکردنەوەم کردبوو، کە بە بیستنی دۆزرانەوەی شریتەشیعرەکە، بە مەبەستی بەراوردکردنی دەنگ و دەقەکە، لە بڵاوکردنەوەی دەستم ڕاگرت . دوای گوێ لێگرتنی سەرنجم دایە کە ئەوەی من لەبەرمە و نووسیبوومەوە، چەند بەیتێکی جێگۆڕکێیان کردبوو و یەکدوو بەیتیشی لە قەڵەم کەوتبوون. وا لێرەدا دەقی " کۆمەڵە گوندێ " وەک خۆی دەخەمە بەر دەست ئێوەی خۆشەویستی شیعردۆست. بەو هیوایە ئەگەر شیعری مامۆستا سالارتان لا دەسدەکەوێ، بۆمان بنێرن، تا لەگەڵ ئەو شیعرانەی تری کە دەیانووسمەوە، لە چوارچێوەی دیوانێکدا بڵاویان بکەینەوە و لە تیاچوون بیانپارێزین.

جارێکی تر سوپاس و باوەشی گەرم بۆ برابچووک و هاوڕێی ئازیزم سەعید زەکی و خزمانی خۆشەویستی پشدەریم، بۆ بەدەسهێنانەوەی " سەنگەسەر " و " کۆمەڵە گوندێ "!

ساتە گەشتێکی خۆش بۆ ئێوەی خوێنەری شیعردۆستی " کۆمەڵە گوندێ "! شیعرێک، کە لە چاوی منی ناشاعیر ، تابلۆیەکی ساکارنوێنی پڕ لە وردەکاری هونەرمەندانەیە، لەمەڕ فەرهەنگ و شێوەی ژیانی ئەوسای دێنشینە کۆچەرەکانی ناوچەی شارۆشان و هەڵکەوت و باری سرووشتی ناوچەکە .

لە کۆتایی شیعرەکەدا فەرهەنگۆکێکی بچووکم نووسیوە، بۆ یارمەتیکردن بە ڕوونبوونەوەی مانای هێنێک ناو و وشەی کۆن و ناوچەیی.




سۆران (حەسەن) زەکی

فینلەند، ١٨ ی ڕێبەندانی ٢٠٠٥

soran_zeki05@yahoo.com

له ڕاست

(عەبدو

شاعیری گیانبەختکردو   سالار (عەلی قوتبی)

ناوچەی پشدەر، سەرەتای دەیەی ١٩٧٠

# كۆمەڵە گوندێ

*******************

كۆمەڵە گوندێ  لە  هەردی  خەیاڵ
ئەدرەوشێنەوە   وەکو   تارای  ئاڵ

قەندیل  گرتوونیە   ئامێز   و کۆشی
بەو هۆزە   دەڵێن   خێڵە شارۆشی

«سینەمۆکە» یە و گوندی «سەرگەینێڵ»
«دێرشت» «باراوا» جێ هاتوچۆی خێڵ

لە ترسی  زستان  سەرما  و  باوبۆران
چۆتە    نەدیوێ    گوندی   «ماقۆران»

«ئاشقولکە» ڕووی خۆی کردۆتە «ساوێن»
ڕاماوە لە سەیر سروەی خەم تاوێن

نابزوێ بە   سەت   ڕەنوو و  فەرتەنە
دەڵێی میراوی سەر    «جۆی ڕەبەن» ە

«سوورەدێ»  لە سەر چۆما ڕاوەستاو
ڕازی کوێستانان   دەسپێرێ  بە ئاو

ئاشەکانی   وەک    «بنکەی بێتەل» ن
جێگەی پێویستی  و پێوەندی گەلن

«شارۆش» یش خۆی وخەڵکی دڵ پاکی
ئالاون لە دەور مزگەوت   و    چاکی

«پڕمەمکە»       لەگەڵ    «بڕەدێ» برن
لە دێی «بەردکوڕان» چاوان   دەبڕن

لێک      هەڵبڕاون  پەرت و  بلاون
دەڵێی  ترساوی  حەزیای  لافاون

جەمسەری   ئاوە ئەم چەم و دۆڵە
بە ناز لە ڕووی یەک دەنێن  چەمۆڵە

وەک پەری کوێستان پێیان بسپێرن
بەو سەر  شاخانە  خۆ  هەڵدەدێرن

هێندە    بەپەلە   دۆڵ   دەگرنە بەر
دڵێی دەعوەتن لەلای «سەنگەسەر»

«دەروەکۆتر»  و  «قادراوا»ش  لە  خوار
جێی حەسانەوەن  بۆ  دونیای  ڕێبوار

«شەیدان»   لایەزی   لافاوی  خێڵە
جێی پیر و پەری و   پیر  و  جەحێڵە

سەرچاوەی هەمووان گوندی «کاسکان» ە
کۆشکی پەریانە جێگەی «ئاسکان» ە

گەڕەک گەڕەکە هەر یەک بەناوێ
سەت خۆزگە بەوەی لەوێ بێ تاوێ

لەلام «باسکەتوو» قەڵای ئەستەمە
«سەرچاوی قونیە» ئاوی زەمزەمە

بەری «کاسکان» ە «بەرجۆ» و «بەرنایە»
شنەی «بالۆتان» زەمزەمە و «نای» ە

گەلێکی سادە و کەمێ نەزانن
زۆربەی ژن و پیاو لە یەک نەبانن

بچینە گەڕانێ شەوانە باوە
شێوی ئێوارە «گەنمەکوتاو» ە

تەمەنی زۆربەی هێوان و ماڵان
دەڕوا بۆ پێشتر لە سێسەت ساڵان

زۆربەیان جێگەی دۆڵ و «سندۆلان»
کۆڕی کۆمەڵی کۆڵوانە کۆڵان

دەڵێی دێراوی باڵابەرزانە
جوانی ئەوەندە زۆرە هەرزانە

بۆ «گیابرژیوە» پەخشن لە دەشتا
کچ وەکوو پەری لە نێو بەهەشتا

کۆلکەزێڕینەی کلی چاوکاڵان
کەوتووی کن پەڵەی هەوری ڕەشماڵان

بڕوانە چەندە جوان و نەخشینە
دەلێی دەسکاری دەستی «هەمین» ە

سەیرێکە لە لێڕ لە دێ دەردەچی
دەنگی گەڵبڕە و مەکەو تێنەچی

هەر کۆلکەدارە کراوە ڕەژی
هەر داری شۆخە چوونەتە گژی

لووت و گوێ بڕاو ڕنراوە قژی
نراوەتەوە نێو چنگی پژی

هەر گوێنیە وەک ژشکی بەدڕوو
چەکی دڕووی خۆی هێناوەتە ڕوو

خۆی داپۆشیوە لە بەر جەوبڕ
بەپاچ دەورەیان کردوە شڕ و وڕ

نشتەریان داوە لە شادەماری
خوێنی سپییە ((جەوی جەباری))

لەڕێوە دەگەی بە ((چاکی سۆتێ))
بەرد لە کێل دەگری لەبۆ ((مرۆتێ))

جا ڕوو دەکەیتە ((گۆڕی تاوکێ))
چاوت دەکەوێ بە بێ باوکێ

ڕێکەوتە ئەویش بەبەخت و نەردە
پەری لێڕەوار فریشتەی هەردە

گیرۆدە مەگەر پەڕندەی چا بێ
دەنا ئەستەمە لە چنگی ڕابێ

ئەمجار ڕوو دەکەی هەردی ((بانیسان))
هەوارگەی پیرۆز جێی خۆشەویستان

شنەی سرتەی زار ڕەزاشیرینان
ڕەشە بای نالەی تەکیەنشینان

شینکەیە مێرگە هەر کانی و ئاوە
مالآتی خۆیان لێ بەرهەڵداوە

هەر کێوە لە گیای بەستوە پێتاوە
شووی گەردنبەرزی لێ هەڵکێشاوە

چاوی لە عەرشی سەرو بڕیوە
ورگی ئاسمانی شینی دڕیوە

ئیجازەی گرتووە بە بەفری مەندیل
لای مەلای گەورە مامۆستا ((قەندیل))

شەو و ڕۆژ مانگ و ڕۆژ دەستەیەخەن
بە سەت کێشە کێش تا خۆ دەر دەخەن

ڕەنگی ماندوویان زەرد هەڵدەگەڕێ
وەخت لە وەختی خۆی تێدەپەڕێ

بەو حاڵەش کە وا دێنە دەر لە سوێ
هێند ڕادەمێنن لە سوێی ((گۆڕتیسوێ))

تا دەگەنە جێ کاتی چوونیانە
هاتن نیشانەی ئاوا بوونیانە

کە چوویتە ڕاوێ پلە بە پلە
شارەزای شاخە کاک ((خدرە شلە))

کێژان نێچیری نێو شاخ و هەردن
بۆ هەر دڵدارێ جێ داخ و دەردن

گەلێکیان سڵن هێندێ دەستەمۆن
سۆفیشیان هەیە لە سەربیری کۆن

هەشیانە ڕاوچی کە نەیپێکاوە
دەنازێ بەوەی خودا پێداوە

((کانی شینکە)) یە ((کانی خاتوون)) ە
بەهار و پایز جێ هات و چوونە

((هەواری ئەڵمۆز )) جێ میری خێڵە
بە دیاری لەوێ دڵ بەجێ بێڵە

بۆ ئەو مەڵبەندە کەچووی تۆی ڕێبوار
سەیرکە کوێستانی پڕ لە بەفری پار

تاڤگە جوانەکەی پشتی ((ئاشقوڵکە))
تۆزی هەڵدەستێ وەک بەفرەبوڵکە

ئەو تەپ و تۆز و دووکەڵە شینە
وەکو سکاڵای کوردە بیبینە

هەر لە ((کوردستان)) ئەگرن سەرچاوە
هەر دوو وەکو یەک ئەکەن بڵاوە

ئەو بۆ ((دەریای شین)) ئەم بۆکۆڕی شین
وای بۆ داناون چارەنووسی ژین

چاو پێکەوتنی ئەو دیمەنانە
بۆ جەزرەبەی دڵ بوونە بەهانە

بە ماندوو نەبی چۆنی کیژێ گیان
هاتە گوێم نەوای سەنتووری ژیان

بە قوربانت بم دەبەرت مرم
ئاگری خستە دڵ و جگەرم

## فەرهەنگۆک

**********

| |
|---|
| **تێبینی: هێندێک لەم وشانەی خوارەوە ناوی ئاواییەکانی پێش ڕاگواستنی سەردەمی بەعسن، و نازانم دوای ڕاپەڕین ئاوەدانکرابنەوە یان نا. هەربۆیە لە باسکردنیاندا دەمکاتی ڕابردووم بەکار هێناوە.** |

**ئاشقوڵکە: ناوی دێیەک بوو لە شارۆشان، کە دەکەوتە ناو دۆڵێکی قووڵەوە.**

**ساوێن: ناوی شوێنێکی بەرز و جێی حەسانەوەی ڕێبوارانە لە گۆڕێکی دەم کانییەکە، کە کوێستانیان و ڕێبوارانی ناوچەکە بە ئاوی سارد و سازگاری لووسی ساوێن و شنەی سروەی خەمڕەوێنی خۆیان شارژ دەکەنەوە.**

**ڕەنوو: ڕنوو، هەرەس**

**جۆی ڕەبەن: جۆگایەک بوو بۆ ئاودانی بێستان و تەڕەکاری گوندی سوورەدێ و دەوروبەر.**

**چاک: گۆڕستان**

**پرمەمکە و برەدێ: ناوی دوو گوندی ئەو ناوچەیەن کە هێندێک دوورەدەستتر بوون لە دێیەکانی تر و کەوتبوونە بەرامبەر ئاوایی بەردکوڕان.**

**دەروەکۆتر: گوندێکی بچووک بوو لە پشتی شارۆچکەی سەنگەسەر.**

**ڤادراوا: دێیەکی گەورە بوو لە بەینی گوندی شەیدان (شەهیدان) و شارۆچکەی سەنگەسەر.**

**باسکەتوو: ناوی هەوارگەیەکی کوێساتییە.**

**هەمین: ناوو بۆ کچ.**

سەچاوەی قونیە: ناوی هەوارگەیەکی پڕ لە ئاو و مێرگە.

سندۆڵان: دێیەکە لە نزیک سەنگەسەر و ئاوایی ژاراوە.

گیابرژێوە: گیایەکی کێویلەکەی وەک تۆڵەکە و کووزەڵەیە و بە سوورکراوەیی دەخورێ.

کۆلکەزێڕینە: پەلکەزێڕینە.

جەوبڕ: جەوببڕ، کەتیرەکەر.

جەوی جەباری: جۆرە جەوییەکە، جۆرە کەتیرەیەکی سپییە.

چاکی سۆتێ: گۆڕستانەێکە لەسەر تەختاییەکی سەر ڕێگای ڕێبوارانی گەرمێن و کوێستانی ناوچەکە.

بەرد لە کێل گرتن: بەردیان ئەنا بە کێلی گۆڕێکەوە، کە ئەگەر پێیەوە گیر بوایە مایەی شادمانی و بەمرادگەیشتن بوو!

گۆڕتیسوێ: کوێستان و لەوەڕگە و هەوارگەیەکی سەر گۆڕەپانێکی داوێنی چیای قەندیلە کە پری بوو لە تیسوێ.

گۆڕ: مەبەست تەختاییەکی سەر بەرزاییە، گۆڕەپان.

تیسوێ: جۆرە گیایەکی دڕکنی کوێستانییە کە بە کاڵی دەورێ.

کانی شینکە: ناوی شینکە و مێرگەڵانێکی کوێستانییە لە پشتی گۆڕتیسوێ.

کانی خاتوون: ناوی هەوارێکی کوێستانیانە لە نزیک گۆڕتیسوێ، بە دیوی ئاوایی ئاشقوڵکەدا.

بەقوربانت بم، دەبەرت مرم: جۆرێک لە هەواڵپرسی ژنانی دێنشینی ئەو سەردەمەی ناوچەکە بوو.

گەڵبڕ: پیاوانی مەڕدار کە وەکو تفاقی مەڕوماڵاتیان گەڵی داریان بەکار دەهێنا. گەڵبڕ، تەنیا بۆی هەبوو لە گەڵی پاوانکراوی خۆی گەڵ بکا و گەڵای داریشی هەڵنەدەوەراند، بەڵکو بە تەرداس لکوپۆپی داربەڕ و دارمازووی دەهێنایە خوارو و بۆ زستان وشکی دەکردەوە.

مەکە و تێنەچی: نەچیتە ناو گەڵی پاوانکراوی من، گەڵی من نەبڕی.